گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ستراتیژییەت و ئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا

## توێژینەوەیەکی تیۆرییە

**ئاواز حسن اسماعیل**
بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
awaz.dizaye@epu.edu.iq

**پ. ی. د. لانە صابر سعید**
بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Lana.mohammed@unvisul.edu.iq

**پ. ی. د. ئازاد ئەحمەد محمود**
کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
Azad.mahmood@epu.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١٢/١٩
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٢/١٢
**بڵاو کردنەوە:**بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Strategic,* Approaches, *Public relation, public* Institutions

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی **(ستراتیژییەت و ئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا)** توێژینەوەیەکی تیۆرییە پەیوەستە بە کارو چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا لە ئەرك و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان کۆڵدراوەتەوە لەبەرئەوەی ژینگەی پەیوەندییە گشتییەکان رووبەڕووی گۆڕانکاری گەورە بۆتەوە لە تێکڕای بوارەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆییدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.16

لەگەڵ ئەوەشدا کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە هەموو قۆناغەکاندا ئەرکێکی هەستیارە چونکە هەموو هەنگاوەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر دەزگاکانیان. بە دەستنیشانکردنی کەم وکوڕییەکان و دیاریکردنی ڕێگا چارەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی وا دەکات هەنگاوەکان بە ئاراستەی پێشکەوتن و گەشەکردنی زیاتر بڕۆن، بۆیە توێژەر زۆر بە ووردی هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کار لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان بکات لە دام و دەزگا گشتییەکاندا.

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ستراتیژییەت و ئەرك و ئامانجەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانە لە کەرتی گشتییدا، هەروەها ئەو شێواز و ئامرازانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ چالاکییەکانیان بەکاریدەهێنن، واتە چ جۆرە چالاکییەك ئەنجام دەدەن و چ ئامرازێکی پەیوەندیکردن بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن.

گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە بریتییە لە؛ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دام و دەزگا و جەماوەر و هەبوونی ستراتیژییەتێکی بەهێز لە دام و دەزگا گشتییەکاندا کە هاریکار بێ لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی، هەروەها دەستەبەربوونی بۆچوون و ئاراستەی نوێ لە دام و دەزگا گشتییەکاندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرستە و شێوازی نوێ، لەپێناو رایی کردنی کارەکان و بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان.

میتۆدی توێژینەوەکە، میتۆدێکی تیۆرییە، بۆیە توێژەر ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە چونکە لەگەڵ سروشتی بابەتەکەی دەگونجێت، و هەر لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە شیکردنەوەی بابەتەکانی کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

پەیوەندییە گشتییەکان بەیەکێك لە جۆرەکانی پەیوەندیکردن دادەندرێت کە گرینگییەکی زۆری هەیە لە بنیاتنان و کارگێری و ناوبانگی دەزگاکان بە گشتی و دەزگا حکومییەکان بەتایبەتی لە رێگەی پرۆگرامێکی بەردەوام بۆ بنیاتنانی پردێکی پەیوەندی لە نێوان جەماوەری ناوەوە و دەرەوە.
پەیوەندییە گشتییەکان پایەیەکە کە کۆمەڵگاکانی جیهان لەسەر بنەمای ئەو کارەکانیان بەرێدەکەن، پیشە و هونەرێك نابینرێت کەلەگەڵ بابەتی پەیوەندییە گشتییەکان تێکەڵ نەبێتەوە، پەیوەندی دروست و باشی کرداری بارودۆخی باش و تەندروست دەرەخسێنێت، چ بۆ تاکێك یان کۆمەڵگەیەك وەیان نەتەوەو دەوڵەتێك تا ئەوەی بگاتە بارودۆخێکی باش و تەندروستی جیهانی.

ئەوەش نابێت لەیاد بکەین کە دامەزراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر دەستی تاکەکان بونیادنراون و پەیوەندی نێوان ئەوانیش بریتییە لە پێکهێنانی دامەزراوەکانی نێوخۆ و دەرەوەی کۆمەڵگا و وولاتێك، لەگەڵ ئەوەشدا کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە هەموو قۆناغەکاندا ئەرکێکی هەستیارە چونکە هەموو هەنگاوەکان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاردەکاتە سەر دەزگاکانیان.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە بریتییە لە کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوەو ئامانجەکانی توێژینەوەیە.

بەشی دووەم: بریتییە لە پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا، کە بەسەر سێ پاژی سەرەکیدا دابەش کراوە، کە هەر پاژێکییان چەند لقێکی لێدەبێتەوە ئەوانیش بریتیین لە: پاژی یەکەم چەمك و پێناسە ستراتیژییەت و رەهەند و ئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکان، لە پاژی دووەمدا توێژەر تیشکی خستۆتە سەر باسکردنی ئەرك و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا، لە پاژی سێیەمدا شێوازی بەرێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکان و گرنگی پەیوەندییە گشتییە کان لە کەرتی گشتیدا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ستراتیژییەت و ئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا، کە دەتوانین بە چەند پرسیارێك دیاری بکەین:

1- ئایا ئامانج و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا چی یە؟

2- ئایا بوارە نوێیەکانی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان چین؟

3- ئایا ستراتیژییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکان چین؟

### گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی لە چەند لایەن و بوارێکدا هەیە، یەکێك لە گرنگییەکانی توێژینەوەکە لە هەڵبژاردنی خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان دام و دەزگا گشتییەکاندا بوارێکی هەستیار و گرنگە توێژینەوەش لە بوارێکی وادا بێگومان گرنگی خۆی هەیە.

توێژەر دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ستراتیجیەت و ئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا، هەوڵی دۆزینەوەی ئەرك و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات، چونکە توانا کارامەیی و کارگێری کردنی پەیوەندی نێوانیان و چەندێتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دام و دەزگاکان، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری ناوخۆ و دەرەکی گرینگیەکی تایبەتی هەیە.

### ئامانجی توێژینەوە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

1- زانینی ئامانج و دۆزینەوەی کرۆکی ئەو ئەرکانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا ئەنجامی دەدەن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- دیاریکردنی ستراتیژییەتی کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی.

3- زانینی ڕەهەند وئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە کەرتی گشتیدا .

**جۆرو میتۆدی توێژینەوە:**

توێژەر پشت بە میتۆدی تیۆری دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

**چەمکەکانی توێژینەوە:**

**1-** ستراتیژییەت: بریتییە لە کۆمەڵێك شێواز و ڕێبازی رێکخراو کە پەیرەو دەکرێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەزگاکە، بۆ ئەمەش پێویستی بە بەهرەیەکی زۆرە بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بەم ئامانجانە لەبەر رۆشنایی توانا و هەوڵە دارایی و ماددیەکانی بەردەست.

2- ئاراستە نوێیەکان: بریتییە لە توانای کارگێری کردنی ناوبانگێکی باش لە ڕێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە، بەو پێیەی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانە بۆ ناسینی دامەزراوەکە و ئامانجەکانی و چۆنیەتی ناساندنی بە شێوەیەکی پیشەیی، ئەمەش لە چەند چرکەیەکدا ئەنجام دەدرێت یان جەماوەر حەزیان لەو ناساندنە دەبێت کە پێشکەشی دەکات یاخود بەپێچەوانەوە.

3- پەیوەندییە گشتییەکان: ئەرکێکی کارگێرییە خاوەن سروشتێکی پلاندار و بەردەوامە، ئامانجی ڕاکێشانی سۆز و پشتگیری ئەو کەسانەیە کە گرینگی پێدەدەن و پارێزگاری لێدەکەن، شیکردنەوەی ڕەفتاری جەماوەرە بۆ زانینی ئاراستە و بیروبۆچوون و پێداویستییەکانیان و کارکردن لەسەر بەرنامە و سیاسەتێك کە بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی.

**4-** دام و دەزگا گشتییەکان: بریتییە لەو لایەنە حکومییەی کە خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوییە چەند چالاکییەکی دیاریکراو ئەنجام دەدات لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دا، چالاکییەکانیش لە چوارچێوەی

کارگێری گشتییە کە بەپێی نوسراوێکی کارگێری رێکخراوە، بەو پێیەی یاسای کارگێری کەسایەتی مەعنەوی بە دەزگاکە دەدات هەروەها کارهو چالاکییە کارگێرییەکانیشی دیاری دەکات.

## بەشی دووەم/ پەیوەندییە گشتییەکان لە دام و دەزگا گشتییەکاندا

### پاژی یەکەم/ چەمك و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان لە کەرتی گشتییدا:

### یەکەم: چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا سەریهەڵدا، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی کائینێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە زۆر گرنگە لە کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆی هەبێت، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی هەردوو لاو گۆڕینەوەی بیروڕا لەنێوانیان، بەمەش جۆرێك لە پەیوەندی گشتی دروست دەبێت لە پێناو زیاتر تێگەیشتن لەیەکتر. (الحاج الفضل الطاهر، 2014: 47)
چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دایکبووی سەردەمی مۆدێرنەیە لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، یەکێکیشە لە فەلسەفەکانی بەرێوەبردنی هاوچەرخ، هەندێك لە توێژەران دەڵێن ئەم بوارە هونەرە، بۆچوونی تریش هەیە کە پێی وایە لەیەك کاتدا هونەر و زانستە، دەشکرێت بلێین پەیوەندییە گشتییەکان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر جەماوەر. (محمد جیاد زین الدین المشهدانی، 2016: 40)

پەیوەندییە گشتییەکان لە سادەترین مانایدا مەبەستی ئەوەیە کە پەیوەندییەکی باش لە نێوان دەزگاکە و جەماوەرەکەی دروست بکات، بەمەبەستی دڵنیابوون لە رازیبوون و لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوانیاندا، بۆیە دامەزراوەکان بەدوای بەدەستهێنانی پشتیوانی و متمانەی رای گشتیین کە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارگێری و سەلماندنی سەرکەوتنی، پەیوەندی گشتی ئەرکێکی کارگێری دیاریکراوە، دەزگاکان لە هەوڵی ئەوەدان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و هەماهەنگی جۆرێك لە پەیوەندی دروست بکەن لە گەڵ جەماوەر، دواتر هەوڵدەدات بۆ بەردەوامیدان بەو پەیوەندییە لە نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات دەزگاکان بەرپرسیاربن بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندی جەماوەر، لە لایەکی ترەوە بەدواداچوون بۆ گۆڕانکارییەکان دەکات.

**دووەم: پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان**

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە بەوەی کە "چالاکی هەر پیشەسازییەك، یان، یاخود پیشە، یان حکومەتە لە دامەزراندن و بەهێزکردنی پەیوەندییە باشەکانی نێوانی و نێوان جەماوەرەکەی، وەکو کڕیار و فەرمانبەرو بەشداریکارو کارکردن لەسەر گونجاندنی دامەزراوەکە بەپێی هەل و مەرجی ژینگەی دەوروبەر و پاشان ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکە بۆ کۆمەڵگا. (بشير العلاق، 2010: 10)

بەڵام کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پەیوەندییە گشتییەکان پێی وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕییە سروشتێکی پلاندار و بەردەوامی هەیە، ئامانجی تێگەیشتن و پاڵپشتیکردنی جەماوەری ناوەوەو دەرەوەی دەزگایە بە جیاوازی جۆر و چالاکییەکانییەوە، هەروەها پارێزگاریکردن لەسەر بەردەوامبوونی؛ ئەمەش لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی و پێوانەکردنی بۆ دڵنیابوون لە گونجانی لەگەڵ سیاسەتی دەزگاکە و چالاکییەکانی و بەدەستهێنانی هاوکاریکردن و ئەدا کردنێکی کارا بۆ بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی بەبەکارهێنانی زانیارییە نەخشە بۆکێشراوەکان. (عبدالرزاق محمد الدليمي، 2005: 31)

لە پێناسەیەکی تردا دەڵێ: پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکی کارگێڕییانەن، یارمەتی دیاریکردنی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە و ئاسانکاریی گۆڕانکاری تیادا دەدەن، پیاوان و کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان، پەیوەندی بە جەماوەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکەوە هەیە. (محمود يوسف، 2008: 28)

لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە توێژەر بۆی دەرکەوتووە کەوا پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێرییە، لەسەر بنەمایەکی زانستی بنیاتنراوە، بەردەوام هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەزگا بە گشتی دەدات، هەروەها هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر چ لە ناوەوەی دەزگا چ لە دەرەوەی دەزگاکە دەدات، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ناوبانگێکی باش بۆ دەزگاکە و پارێزگاریکردن لێی لە بەرژەوەندی هەردوولا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن.

**سێیەم: ڕەهەند وئاراستە نوێیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە کەرتی گشتیدا**

گەشەسەندنە یەك لەدوا یەکەکان لە بواری تەکنەلۆژیای ژمارەیی، گرینگترینیان ئینتەرنێت، بووە هۆی گۆڕانکاری ستراتیژی و و تەکنیکی پەیوەندیکردن لە بواری پەیوەندیکردنی پەیوەندییە گشتییەکان، تویژینەوە جۆراوجۆرەکان ئاماژە بە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان دەکەن، کەوا لە زۆربەی ئەرکە کارگێرییەکانی تری پەیوەندییە گشتییەکان ئینتەرنێت کاریگەری هەبووە لەسەری وەکو ئامرازێکی پەیوەندیکردن، هەروەها ئەم کاریگەرییەی ئینتەرنێت لە پەیرەوکردنی ئەرکەکانی تەنها لە چوارچێوەی ئەرکە کارگێری و بازارگەرییەکان نەوەستاوە، بەڵکو بوارەکانی لێکۆڵینەوە و تویژینەوە ئەکادیمییەکانیشی لە پەیوەندییە گشتییەکان گرتۆتەوە. (Hiebert, R., 2005: 1-9)

ژمارەیەکی زۆر لە بواری نوێ ی پەیوەست بە ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەرکەوت وەکو یەکێك لە گرینگترین ئەرکە ئیدارییەکان، کە بەشداری دەکات لە گونجانی ڕێکخراوەکان لەگەڵ بارودۆخەکەی هەروەها یارمەتی مانەوەو بەردەوامی دەدات لەگەڵ ئەو ژینگە گۆڕاوە، لە گرینگترین ئەو بوار و پێشکەوتنانە ئەمانەی خوارەوەن:

**1- پەیوەندییە گشتیيە دیجیتاڵییەکان:** لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا، جیهان پێشکەوتنی یەك بەدوا یەکی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی تەکنەلۆژیای ژمارەییەوە، بەتایبەتی تۆڕی ئینتەرنێت و پەیدابوونی تەلەفۆنی زیرەك، هەروەها بڵاوبوونەوەی ئامرازی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی، ئەو گەشەسەندنانە کاردانەوەی گەورەیان هەبوو لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندیکردنی حکومی لە بواری ئەکادیمی و زانستی. (د. خیرت معوض عیاد، 2020: 53)

چەمکی پەیوەندییە گشتییە دیجیتالییەکان لەو چەمکانەیە کە بە کۆمەڵێك قۆناغدا تێپەڕیوە، چەندین ناوی جۆراو جۆری لێنراوە تاکو ئەو چەمکە جێگیر بووە. ئەم چەمکە بەستراوەتەوە بە زاراوەکانی وەکو ئینتەرنێت، ئامرازەکانی میدیای نوێ، ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی. توێژەران پەیوەندییە گشتییە ژمارەییەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: کارگێری پەیوەندیکردنە لە نێوان دەزگاو جەماوەرەکەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەکانی ئینتەرنێت... بەرنامەکانیش پێك دێن لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان، خزمەتگوزارییەکانی نامەی نوسراو، کە زانیارییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دەمجکردنی گرافیك و وێنە و نوسراو و یارییە ڤیدیۆییەکان پێشکەش دەکات. (د. خیرت معوض عیاد، 2020: 54)

**2/ پەیوەندییە گشتییە نێودەوڵەتییەکان:** هەرچەندە سەرەتاکانی پەیوەندییە گشتییە نێودەوڵەتییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ ناگەڕێتەوە، بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا تەوژمێکی زۆریان بەدەستهێناوەو ئەمڕۆکە بۆتە یەکێك لە بوارە سەرەکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها ووڵاتانی جیهان دەستییان کرد بە هەڵمەتەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پێناو بەدەستهێنانی ڕای گشتی نێودەوڵەتی و سیاسەتەکانی، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەنالە ئاسمانییەکان و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی نوێ وەکو ئینتەرنێت، ڕۆڵێکی گرینگییان هەبوو لە پاڵپشتیکردنی ئەو بوارە لەڕێگەی تواناکانیان لە کورتکردنەوەی کات و ماوەی نێوان ووڵاتە جیاجیاکان. (د. خیرت معوض عیاد، 2020: ص56)

3/ **کارگێری ناوبانگی دەزگا:** ناوبانگی دەزگا ڕۆلێکی زیندوو و گرینگی هەیە لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دەزگاکاندا، هەروەها بەشداری دەکات لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرجەم ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە دەزگاکەوە هەیە و کاریگەرییان هەیە لە کۆمەڵگادا، ناوبانگی دەزگا سامانێکی ستراتیژییە کە بەهایەکی گەورەی هەیە، هەروەها بە ڕەگەزێکی گرینگ دادەنرێت بۆ سەرکەوتنی دەزگاکان لەسەرجەم ئاستەکاندا، ناوبانگی باش بە هاوکارییەکی گەورە دادەنرێت بۆ دەزگاکان بۆ بەدەستهێنانی کارکردنێکی باشتر و ئەداکردنێکی باشتر. (د. عبدالكريم السرحان، 2022: 143-144)

## پاژی دووەم/ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و ئامانجی لە کەرتی گشتیدا

### یەکەم/ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:

(علي همشري، 2001: 325) پێنج ئەرکی سەرەکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دیاریکردووە ئەوانیش:

1- لێکۆڵینەوە (Research): مەبەست لێی ئەو توێژینەوە جیاوازانەیە کە پەیوەستن بە پێوانەی ئاراستەکانی ڕای گشتی لە نێوان جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دەزگاکە، گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و

کۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییە تایبەتەکانی، پاشان مەزەندەکردنی ئاستی سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازە جیاوازەکان، ئەمەش بەبەکارهێنانی شێوازی زانستی و ئاماری پێشکەوتوو و وورد. (علي همشري، 2001: 325)

2- پلاندانان (Planing): مەبەست لێی وێناکردنی سیاسەتەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە بۆ کتێبخانە یان بنکەی زانیارییەکان، ئەمەش بە دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها جەماوەری ئامانجدار، و دیزاینکردنی پرۆگرامە ڕاگەیاندنەکان، و دیاریکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکارییەکان و ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکان. (محمد عبدة حافظ، 2009: 37)

3- پەیوەندیکردن (Communication): مەبەست لێی جێبەجێکردنی پلان و پرۆگرامە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و پەیوەندیکردنە بە جەماوەری ئامانجدار، هەروەها گواستنەوەی زانیارییەکان و بیروڕاو ڕوونکردنەوەکان؛ لە ڕێگەی ئامرازی ڕاگایاندنی دیاریکراو، جا چ پەیامەکە زارەکی بێت وەیان نووسراو، یاخود وێنە بێت، یان هەتا ئاماژە و زمانی جەستە(Body Language)یش بن. (ربحي مصطفى عليان، عدنان محمود الطوباس، 2005: 252)

4- هەماهەنگیکردن (Coordination): ئەرکی گونجاندن لە ڕەگەزە گرنگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە، چونکە گونجاندن لە نێوان کارگێریی پەیوەندییە گشتییەکان و کارگێرییەکانی تر لەناو دامەزراوەکە دەکرێت، ئەوەش لە پێناو گەیشتن بە دوا هەنگاو، بۆ هێنانەدی چالاکییە کاراو باڵاکانی دەزگاکە و بەمەبەستی سەرکەوتن و جەخت کردنەوە لە چالاکییەکان. (عبدالرزاق محمد الدليمي، 2005: 44)

5- هەڵسەنگاندن (Evaluation): وێستگەی کۆتایی شێوازی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکانە و دەبێتە مایەی زانینی ئاستی تەواوی بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و ئاستی پێداویستییەکانی جەماوەرە بە ئامانجکراوەکە، هەروەها بریتییە لە کرداری پشکنینی زانستییانەی هەڵەکان و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی دیاریکردنی لایەنە کەم و کورییەکان و خاڵە لاوازەکان. (محمد عبدالفتاح الصيرفي، 2006: 52-53)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەو پێنج ئەرکەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە هەندێك لە پسپۆرەکان پێیان وایە کە پەیوەنییە گشتییەکان دوو ئەرکی تریشی هەیە سەرەرای ئەو پێنج ئەرکە ئەوانیش بریتیین لە:

1- کارگێڕی: واتە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر وە یارمەتیدانییان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی کە پەیوەستە بە جەماوەر، هەروەها جێبەجێکردنی کاروباری ئەو کرێکارانەی کە کار دەکەن لە فەرمانگەی پەیوەندییەکان. (زياد محمد الشرمان و عبدالغفور عبدالسلام، 2001: 31)

2- بەرهەمهێنان: ئەم ئەرکە لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە سینەماییانەدا دەردەکەوێت کە ئاراستەی جەماوەر دەکرێت دەربارەی جۆری بەرهەمی دەزگاکە چالاکی و تواناکانی و وە بەرهەمهێنانی فیلم بۆ کرێکاران لە دەزگاکە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیارییان سەبارەت بە کاروباری دەزگاکەیان. (د. أسامة كامل و د. محمد الصيرفي، 2006: 19)

**دووەم/ ئەرکەکانی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان**

سەرەرای جۆراوجۆری و جیاوازی ئەو ئەرکانەی کە کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامی دەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی تر جیاوازە، بەڵام هەندێك ئەرکی بەربڵاو هەن لە زۆربەی بەرێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا هەن ئەوانیش:-(د. زهير عبداللطيف عابدود، و د. احمد العابد ابو سعيد، 2014: 85-86)

1- پێشکەشکردنی راوێژ:- پێدانی راوێژ و ئامۆژگاری بە کارگێری باڵا، کە پەیوەستە بە سیاسەتە تایبەتەکانی دەزگاکە، هەروەها ئاراستەو بیروراکانی ئەو جەماوەرەی مامەڵەیان لە گەڵدا دەکات.

2- لێکۆڵینەوە:- زانینی ئاراستە و رەفتارەکانی جەماوەری ناوەوە و دەرەوە لە رێگەی ئەو لێکۆلینەوانەی کەوا ئەنجامیان دەدا، لە پێناو پلاندانان و جێبەجێکردنی پێوانەی ئەو چالاکییانەی کە ئامانجیان کاریگەری خستنە سەر هۆشیاری و ئاراستەکانی جەماوەرە.

3- پەیوەندیکردن لە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندییەوە:- ئەمەش لە رێگەی دروستکردنی پەیوەندییەکی دروست و بەردەوام لەگەل ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دەبێت، هەروەها دابینکردنی پێداویستە میدیاییەکان.

4- بڵاوکردنەوە:- ئەم ئەرکە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامە نەخشەبۆ کێشراوەکان دەبێت لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن، لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەزگاکە.

5- پلاندانانی کارگێری:- مەبەست لێی دیاریکردنی پرۆسە کارگێرییەکانە، هەروەها دیاریکردنی پرۆسەکانی رێکخستن و کۆکردنەوەی هێزە ماددی و مرۆییەکانی.

6- دانان :- کارمەندەکان لە دەزگادا بە گوێرەی پێوەر و بنەما زانستییەکان هەڵدەبژێردرێن، هەروەها راهێنانیان پێدەکرێت بە رێگە و شێوازی دیاریکراو، کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان بەشدار دەبێت لە دانانی ئەو رێگە و شێوازانە.

7- ئاراستە و سەرپەرشتیکردن:- سەرپەرشتیکردن رەگەزێکی گرنگی کارگێرییە، مەبەست لێی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئاراستەکان و جەخت کردنەوەیە لە یەکبوونی پلانەکە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان.

8- دارایی و بەرێوەبردنی دارایی:- ئەم ئەرکە لە کارگێری دا پەیوەستە بەو چالاکییە کارگێرییانەی کە تایبەتە بە دابینکردنی دەرماڵەی پێویست و دلنیابوونەوە لەوەی کە بە دروستی خەرجکراون.

9- هەماهەنگی:- ئەمەش پەیوەستە بە خەلقکردنی گونجان و بەیەکەوە بەستنێك لە نێوان چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە ناوەوە و دەرەوەی دەزگادا، لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکان.

10- تۆمارکردن:-ئەمە پەیوەستە بە نوسینەوەی راستی و زانیارییەکان بە راستگۆیی و دەستپاکییەوە بەمەبەستی گەرانەوە بۆی لە کاتی پێویستی دا.

11- بریاردان:- بریار بە باشترین بەدیل دادەنرێت کە چارەسەری کێشەکان بکات، بە ئامرازێکی نوێبوونەوەو داهێنان دادەنرێت.

هەر کارگێرییەك لە کارگێرییەکانی دامەزراوەکان، ئامانجگەلێکی هەیە و هەوڵ و کۆشش بۆ هێنانەدییان دەدات، کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان هەنگاو بەرەو دۆزینەوەو خولقاندنی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی، هەروەها دامەزراندنی ناوبانگێکی باش لە ناوەندەکانی کار و پارێزگاریکردن لەسەر بەردەوامیدان بە پەیوەندیکردن لە نێوان خۆیاندا دەنێن. (عبدالرزاق محمد الدليمي، 2020: 25-26)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم/ ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان**

ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ناو دەزگاکانی حکومەتدا بریتیین لە مانەی خوارەوە: (عبدالحكيم خليل مصطفى، 2009: 17)

1- بەشداریکردن لە کێشانی وێنەیەکی هزری بۆ رای گشتی لۆکالی و هەرێمی لە رێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بەردەوامەکان لە پێشخستن و نوێبوونەوەی بەردەوام.

2- سەرپەرشتیکردنی پێگەی ئەلیکترۆنی پەیوەندییە گشتییەکان بە زانیاری نوێ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، نوسین و چاپکردنی سەرجەم چاپکراوە تایبەتەکانی دەزگاکە.

3- رێکخستنی پێشەنگا و کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمیناری زانستی جۆراوجۆر.

4- بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی گیانی لێبوردەیی و برایەتی لە نێوان بەشداربووان لە چالاکییەکانی دەزگاکە.

5- یاوەریکردنی شاندە فەرمییەکانی دەزگاکە لە گەشتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، و دەرکردنی پاسپۆرتی تایبەت بەبەرپرسانی دەزگاکە لە رێگەی وەزارەتی دەرەوە.

6- بەشداریکردن لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی میدیایی بۆ بەدیارخستنی رۆلی دەزگاکە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

7- پێشوازیکردن لە شاند و میوانانی دەزگا و ئامادەکردنی پرۆگرامی سەردانیکردنەکان بۆیان و پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆیان.

8- کارکردن بۆ دابینکردنی کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ کارمەندەکان لە رێگەی پرۆگرام و بەرنامەی کات بەسەربردنی ساڵانە.

**چوارەم/ ئامانجەکانی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان**

دەزگاکان بەگشتی ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن، ئامانجەکانی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لەسەر بنەمای ئەو رۆلەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری کارگێری کاردا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گێراویەتی، واتە ئەم کارگێرییە ئامانجی دروستکردنی تێگەیشتنێکی ئالوگۆرە لە نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی، هەروەها دروستکردنی ناوبانگێکی باشە لە نێوەندی کارکردندا، و کارکردن بۆ بەردەوامی پەیوەندیکردن لە نێوانیان لەگەڵ رووبەرووبوونەوە بۆ هەر هەواڵێك لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم پەیوەندیی و ناوبانگ و پەیوەندیکردنە. (احمد محمد المصري، 2006: 74)

پێگەی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لە نەخشە رێکخراوەییەکاندا دەکەوێتە تەنیشت سەرۆکی دامەزراوەکە، جا چ دامەزراوەکە پیشەسازی بێت یان خزمەتگوزاری وەیان حکومی. هەروەها بەهۆی رەچاوکردنی ئەرکەکەی وەك راوێژکارێك بۆ سەرۆك و کارگێری باڵا، کاتێك دامەزراوەکە ئەو راوێژکارەی هەبێت لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، ئەوا پێگەی لە سەرەوەی نەخشەی دەزگاکە دەبێت. (د. زهير عبداللطيف عابدود، و د. احمد العابد ابو سعيد، 2014: 87)

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لە کەرتی گشتیدا بریتین لەمانەی خوارەوە:-

(د. عبدالرزاق محمد الدليمي، مدخل الى علاقات العامة،2011: 217-218)

- ئامانجەکان پێویستە دیاریکراو و روون و ئاشکرا بن.
- واقیعی و پراکتیکی بن لە رووی دەستکەوت و جێبەجێکردنەوە.
- بەستراوەتەوە بە ئامانجە بنەرەتییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەموو دامەزراوەکاندا.
- دامەزراوە گشتییەکان لە رووی ئامانج و سیاسەت، هەوڵی پێشکەشکردنی بەرهەمهێنان یان خزمەتگوزاری بۆجەماوەر دەکات.
- روونکردنەوە بۆ بەرێوەبەرایەتییەکە سەبارەت بە ئاراستە و بۆچوونە تایبەتیەکانی جەماوەر بۆ دەزگاکە، بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی جەماوەر سەبارەت بە چالاکییەکانی دەزگاکە و خزمەت و بەرهەمەکانی.
- رێنماییکردنی بەرێوەبردن لە بریاردان و دارشتنی سیاسەتە دروستەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پاژی سێیەم/ شێواز و گرنگی بەرێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان لە کەرتی گشتییدا:

### یەکەم/ شێوازی بەرێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان

پرۆسەی بەرێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان بە گرینگترین ئەو پرۆسانە دادەنرێت کە کاردەکاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی پیشەیی و کارگێری کارمەندان، بە گشتی کاریگەرییەکە لە رووی سروشتی کارکردنی دەزگاکە و رێکخستنەکانی دەبێت. هەروەها پرۆسەی رێکخستنی کارگێری دەزگاکان گرینگییەکی زۆری هەیە، وە لە زۆربەی کاتەکاندا کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان دەبەسترێتەوە بە ئاستە کارگێری و رێکخستنە باڵاکانی دەزگاکە.

لە گرینگترین شێوازەکانی بەرێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان ئەمانەی خوارەوەن: (د. السيد عبدالرحمن علي، 2021: 29-30)

1-شێوازی پەیوەندیکردنی گشتی:- لەم شێوازەدا بەرپرسیارێتی بەشەکان لەسەر بنەمای ئامرازی پەیوەندیکردنی جەماوەری دابەش دەکرێت، کە ئاراستەی جەماوەرێکی گشتی دەکرێت، لێرەدا بەشی میدیا هەڵدەستێت بە دارشتنەوەی داتا رۆژنامەوانیەکان ورێکخستنی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان و سەرپەرشتیکردنی پەیوەندییەکان و دەرکردنی رۆژنامەی دەزگاکە.

2-شێوازی پەیوەندیکردنی جۆری:- لەم شێوازەدا کارەکان بەسەر بەشەکان دابەش دەکرێت لەسەر بنەمای جەماوەری جۆری دەزگاکە، بۆ نموونە بەشێك تایبەت بە سەرمایەداران و بەشێکی تر تایبەت بە بەکاربەران...هتد.

3-شێوازی پەیوەندیکردنی دووانە:- ئەم شێوازە پشت دەبەستێت بە تایبەتمەندکردنی هەندێك بەشە کارگێرییەکان بە پەیوەندیکردنیان بە چینەکانی ئەو جەماوەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دەزگاکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

**دووەم/ گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە گشتیەکاندا**

دەتوانین بڵێین پەیوەندییە گشتییەکان لە ئیدارەی گشتیدا گرنگی خۆی هەیە هەروەکو پسپۆرییەکانی تر، شانبەشانی ئەوان وەستاوە و دەتوانین لە ڕێگەی ئەوەی "ئەحمەد جەرادەت" و "الشامی" لە کتێبەکەیاندا بە کورتی باسیان کردووە بەم شێوەیە روونیان بکەینەوە:

- پەیوەندییە گشتییەکان لە ئیدارەی گشتیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەو پێیەی ئەرکێکی ڕێکخراوەییە کە ئیدارە دەتوانێت بەرپرسیارێتیەکانی دیاری بکات و هاوکارییەکانی نێوان خۆی و جەماوەرەکەی بپارێزێت.

- لێکۆڵینەوە لە ڕای گشتی و ئارەزووەکانی جەماوەر دەکات بۆ مەبەستی ڕازیکردنیان، ئەویش بە تێرکردنی ئارەزووەکانیان و گەیشتن بە باڵادەستی بەهاکان و دادپەروەری و یەکسانی.

- ڕاکێشانی سەرنجی بەڕێوەبەرایەتی باڵای ئەو سیاسەت و ڕێکارانەی کە خزمەت بە ئیدارەی گشتی دەکەن و بەشدارن لە پەرەپێدانی و ڕەچاوکردنی شوێنی مەبەست.

- دەستەبەرکردنی لێکتێگەیشتنی یەکتر لە نێوان ئیدارە و جەماوەرەکەی، بە نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و کەمکردنەوەی سلبیات و نەخۆشییە ئیداریەکان، بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و بەهێزکردنی متمانە بە ئیدارە و بۆ هەستکردن بە ڕای گشتی سەبارەت بە بڕیار و پێشهاتەکانی دامەزراوەکە. (عبد الناصر أحمد جرادات، لبنان هاتف الشامي، 2009: 46-49)

**بێجگە لەم خاڵانە، زیادکردنێکی گرنگ ئاماژەی پێکراوە کە دەکرێ بەم شێوەیە کورتی بکەینەوە:** (حميدة نبيهة، 2018: 57)

-پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی زیادکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئیدارە پێشکەشی دەکات.

- گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت کە بە ڕەفتارێک دەزانرێت کە هەر تاکێک لە ئیدارەی گشتیدا دەبێت تایبەتمەندی بکات، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی و بگاتە بەرزترین ئاستی ئەدای سەرکەوتوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- کارێکە لە کۆنفرانسی کەرتی گشتی یان تایبەتدا ناتوانرێت دەستبەرداری لێ بکرێت، هەروەها لە بوارە جیاوازەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و سیاسی و هەروەها هێزە چەکدارەکان و پۆلیس و گومرگەکان.

**گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانین لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەین کە گرنگترینیان بریتین لە:** (د. خالد درار، د. عبدالملك الدناني، 2020: 34-35)

1- قەبارەی دەزگای حکومی لە قەبارە و فرەیی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانبەرەکانی و ژمارەی کارمەندەکانیدا گەشەی کردووە، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەی دام و دەزگا حکومییەکان بە کۆمەڵگەوە و گەیاندنی خواستی جەماوەر بۆ دەزگاکان.

2- فرەیی یاسادانان و خێرایی جێبەجێکردنی، کە زۆرجار سەرلێشێواوی و گومان لە دەزگاکانی کارگێڕی گشتی دروست دەکات، کە لەوانەیە متمانەیان پێ نەمێنێت، لێرەشدا گرنگی پەیوەندییە گشتیەکان لە بەهێزکردن و پاراستنی ئەم متمانەیە دەردەکەوێت.

3- بەکارهێنانی سیستەمی لامەرکەزی کارگێڕی "ئیدارەی ناوخۆیی"، و بەدیهێنانی ڕەگەزی بەشداریی جەماوەری لە ئیدارەی ناوخۆییدا، کە تیایدا گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە پشتڕاستکردنەوە و بەهێزکردنی پایەکانی سیستەمەکەدا دەردەکەوێت.

4- گرنگی پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان فەرمانبەران لە دامودەزگا حکومییەکان دەردەخات، بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی و هاوکاری تەواو کاربکەن بۆ گەیشتن بە باشترین ئاستی خزمەتگوزاری گشتی.

**سێیەم/ ستراتیژییەتی پەیوەندییە گشتییەکان**

مەبەست لە ستراتیژییەتی پەیوەندییە گشتییەکان بە گوێرەی کتێبی (Publicitor)، کۆی ئەو بڕیارە گرنگ و سەربەخۆیانەیە کەلەلایەن ڕێکخراوەکەوە دەدرێن، بەئامانجی گەیشتن بە هەندێك ئامانج، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی چەندین ئامرازی پەیوەندی و تەکنیکی جۆراوجۆر. گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی کاریگەر لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی زانستی و ڕوون و بەدیهاتوو بناغەی سەرکەوتنی دەزگاکەیە، کە مەبەستیەتی سیاسەتێکی شەفافانەی پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەری ناوخۆ و

دەرەکیدا پەیرەوبکات،و بۆ ئەوەی بتوانێت وێنەیەکی باشی هەبێت بۆ خۆی یان بەرهەمەکانی و خزمەتگوزارییەکانی بەرامبەر بە جەماوەر. (الزعبي و السمعيات، 2019: 86)

ستراتیژییەتی پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە پلانێك کە لە توانایدایە رووبەرووی قۆناغەکانی ململانێی دەزگاکان ببێتەوە، ئامانجی خستنە رووی شێوازەکانی کارکردنە لە پەیوەندییە گشتییەکاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەهەر بوارێك ستراتیژیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی. (عجوة، 2004: 144)

### 1/1: جۆرەکانی ستراتیژییەتی پەیوەندییە گشتییەکان:

لە گرینگترین ئەو ستراتیژییەتانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان بەکاری دەهێنن هەر یەکە لە (عجوة، 2004، ص144) (حجاب، وهبي، 1999: 78) (علي فرجاني، 2018: 111-114) (Ahart, others, 1995: 100) (Wilcox, al, 1986: 6) رێککەوتوون لەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوە:

1- ستراتیژییەتی کات: ئەم جۆرە ستراتیژییەتە پشت بە هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو دەبەستێت بۆ ئاراستەکردنی پەیامە میدیاییەکە لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین کاریگەری و تێرکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر لە کاتێکی گونجاودا، ستراتیژییەتی کات واتە دیراسەکردنی سەرجەم بارودۆخەکانی دەوروبەری بە کات، هەروەها هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

2- ستراتیژییەتی جەختکردنەوە: ئەم جۆرە ستراتیژییەتە لە کاتی قەیرانەکمان و جەنگ و هەلوێستە لەناکاوەکان بەکاردێ کە پێویستی بە جولانەوەیەکی خێرا هەیە لەلایەن بەرپرسەکان لە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان بۆ سەرجەم ئامرازەکانی میدیا لە چوارچێوەی بودجەی دیاریکراودا، هەروەها بە سوودوەرگرتن لە توانا جیاجیاکانی ئەم ئامرازانە لە ئامادەکردنی پەیامە گونجاوەکانی و لە پێناو گەیاندنی زانیارییە دیاریکراوەکان بۆ جەماوەرو تێگەیاندنیان.

3- ستراتیژییەتی خۆراگری و ئەگەری : پەیوەندییە گشتییەکان پەنا بۆ ئەم جۆرە ستراتیژییەتە دەبات کاتێك دەزگا دووچاری هێرش دەبێتەوە لەلایەن ئامرازە میدیاییەکانەوە جا چ رۆژنامە بێت وەیان

دەزگایەکی تری رکابەری بێت لێرەدا پێویستە پەلە بکرێت لە وەڵامدانەوە یان رووبەڕووبونەوەی هێرشەکە.

4- ستراتیژییەتی لەناکاو : ئەم ستراتیژییە کاتێك بەکاردێت کە بەرهەمێك یان ئەزمونێکی نوێ هەبێت، لە کاتی نیوەڕۆدا جەماوەر بکەوێتە نێو لافاوێکی کتوپڕی ریکلامکردن لە هەموو میدیاکاندا، ئەم جۆرە بەزۆری لە دوایین ساتەکانی پێش هەلبژاردندا باوە کەهەر زانیارییەکی نوێ و گرنگ کاریگەری یەکلاکەرەوەی هەیە لە هەلبژاردنی کاندیدێك، وە ئەم ستراتیژە بۆ لادانی سەرنج لە هەندێك لە کێشەکانی ئێستا و راکێشانی سەرنج بۆ دۆخی نوێ بەکاردێ.

5- ستراتیژییەتی بەشداریکردن: بریتییە لەو ستراتیژییەتەی کەوا هەل دەدا بە کارمەندەکانی یان تاکەکانی بیروراکانیان پێشکەش بکەن یان نوێنەری خۆیان لە ئەنجومەنی کارگێری هەڵبژێرن، هەروەها هەلیان پێدەدرێت گوزارشت لە بیروراکانیان بکەن لە رێگەی چاپکراوەکانی دەزگاکە. بەم کارەش کارمەندەکان زیاتر هەست بە ئینتیمای راستەقینە دەکەن بۆ دەزگاکە و رۆلێکی کارایان دەبێت بۆ سەرکەوتنی دەزگاکە.

6- ستراتیژییەتی یەکتربری یان بەیەکگەیشتنی رێگاکان : ئەم ستراتیژییەتە پێویستی بە جێبەجێکردنی پلانێکی تۆکمەو دارێژراو هەیە بۆ هەڵبژاردنی وەرزەکانی و ئەو شوێنانەی کە زۆرترین ژمارەی خەلك تێیدا کۆدەبنەوە بۆ پێشکەشکردنی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان جگە لە ناساندن و بەلگەنامە کردنی کەسایەتییە هەمەجۆرەکان، چونکە بەهۆی ئەوە هەندێك لەو رێگەیانە دەکاتەوە کە بە رووی دەزگاکە داخراون.

7- ستراتیژییەتی وونبوون: ئەمەش بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگاکەیە کە وەك سەربازێکی نەناسراو خزمەتی دەزگاکە دەکات بۆ گرینگیدان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و لێکدانەوەی سیاسەتی دەزگاکە بۆی و بەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانی خۆی، گرینگترین کۆلەگەی ئەم ستراتیژییەش دەرنەکەوتنی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکانە لە مەیدانی رووداوەکاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8- ستراتیژییەتی دیاریکردن: ئەم ستراتیژییەتە لەسەر ئەو بیروباوەرە بەربڵاوە وەستاوە کە دەڵێت خەلك زیاتر یەکتریان خۆشدەوێت لەوەی حەز بە شتەکان بکەن، گرینگترین بەکارهێنانیان لە چالاککردنی فرۆش یان ریکلامکردنە، بۆ نموونە کەسایەتیەکی دیاری کۆمەڵایەتی یان هونەرمەندێکی بەناوبانگ کاتێك ریکلام بۆ بەرهەمێك دەکات جەماوەر زیاتر ئەو بەرهەمە دەکرن، وەیان هەڵمەتێکی میدیایی وەك هەلمەتی تەندروستی و رێنوێنی ئەنجام دەدات دیسانەوە جەماوەر زیاتر پابەندی رێنماییەکە دەبێت.

9- ستراتیژییەتی پەیوەنداری و پەیوەست بوون: ستراتیژییەتێکە رێگە بە دەزگاکە دەدات بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی خۆی بە هاوبەشی لەگەڵ ناوی کەسایەتییەکی بەناوبانگ یان کۆمەڵایەتی نمایش بکات کە وەك بروانامەیەکی راسپاردە بۆی خزمەتی دەکات ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ گۆرینی خوێنەر لە گرنگی دان بە شتێکی ماددی بۆ گرینگیدان بە کەسایەتی.

**2/1: هەندێك ستراتیژییەتی تر هەن بۆ پەیوەندییە گشتییەکان کە هەریەکە لە (Gregory, 1996: 97)، (Kretner, 1989: 619)، (Gruring& Jaatinen, 1994: 118)، (الذهبي، 2004: 94) ئەم ستراتیژییەتانەیان بەکارهێناوە بۆ چارەسەری قەیرانەکان و رووبەرووبوونەوەیان ئەوانیش بریتیین لە:**

یەکەم/ ستراتیژییەتی بەرگری (یاخود ستراتیژییەتی پێشگر): لێرەدا سیستەمێکی بەرگری لەناو دەزگادا دیاری دەکرێت بۆ رێگریکردن لە روودانی قەیران و بۆ ئەوەی لە زەرەرو زیانی زۆر دووربکەوێتەوە.

ئەم ستراتیژییەتە لەسەر بنەمای دیدێکی زانستیانە بۆ پرسی گەشەپێدان و گەشەسەندن دامەزراوە، دەبێت رێکخراوەکە توانای وەرگرتنی هەبێت، لێرەدا هیچ بوارێك بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی پاراستن نابێت کە مامەڵە لەگەڵ فاکتەرەکانی قەیرانەکان بکات کە لە دەرەوە دێن و لەبەردەمیاندا هێلەکانی بەرگری دەدۆزێتەوە کە رێگری لە چوونە ناوەوەی قەیرانەکە دەکات بۆ دیواری رێکخراوەکە.

هەروەها ئەم ستراتیژییەتە بە ئامانجی پاراستنی ئامانجە سەرەکییەکانی رێکخراوەکە یان ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکانی لە قەیرانێکی ئەگەری دیاری دەکرێت بۆ ئەو رێوشوێنانەی کە پێداویستییەکانی بەرگری دابین دەکات بۆ پاراستنی ئەو ئامانجانە و لە پێناو بەردەوام بوون و مانەوە.

دووەم/ ستراتیژییەتی هێرشبەری: بەو چالاکییانە پێناسە دەکرێت کە ئاراستە دەکرێن بەرەو دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان یان پرۆسەکانی کارکردن و گەسشەسەندنیان، بەجۆرێك بگونجێن لەگەڵ گۆرانکارییەکانی ژینگەی دەرەکی، لە رێگەی باشتر کردنی کوالێتی بەرهەمەکانی ئەو ئامانجانە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە قەیرانەکان حالەتی باشتر بۆ راهێنانی بیرۆکەی داهێنەرانە دروست دەکەن.

سێیەم/ ستراتیژییەتی چارەسەری: ئەم ستراتیژییەتە بەم شێوەیە دیاری دەکرێت کە چۆن بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی باڵا رێکخراوەکە دەگەرێنێتەوە بۆ دۆخی هاوسەنگی دوای ئەوەی ئامانجە ستراتیژییەکانی یاخود ئۆپەراسیۆنەکانی دەکەونە نا قەیرانەوە، ئەم ستراتیژییەتە پێویستی بە هەندێك رێککاری تایبەت هەیە چ لەرووی تەکنیکەوە بێت چ لە رووی کارگێرییەوە.

ئەم ستراتیژییەتە تیشك دەخاتە سەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زەرەر و زیانانەی کە بەهۆی قەیرانەکەوە تووشی دەبن لەرێگەی زانیاری و شارەزایی و ئەزموونی تەواوەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا.

بەڵام لێرەدا لایەنێکی نەرێنی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا ئەویش چاوەرێکردنە تا کۆتایی و پاشەکشانەوەی قەیرانەکە و پاشان دەستکردن بە چارەسەرکردنی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو قەیرانانەوە بەدیهاتوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1- ئامانجی سەرەکی پەیوەندییە گشتییەکان بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەزگا و جەماوەرە.

2- بوونی ستراتیژییەتێکی بەهێز لە دام و دەزگا گشتییەکاندا کە یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەزگا و جەماوەرەکەی.

3- بوونی ئاراستە و بیروڕای نوێ لە دام و دەزگا گشتییەکان و بەکارهێنانی شێواز و ئامرازی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ کتێبی عەرەبی:

1-يوسف، 2008، مقدمة في العلاقات العامة، القاهرة،م ركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح.

2- عليان و الطوباسي، 2005، الآتصال والعلاقات العامة، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع.

3-جرادات، الشامي، 2009، أسس العلاقات العامة بين النظرية والتطبيقات، الاردن، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

4- درار، و الدناني، 2020، العلاقات العامة- الآسس النظرية والممارسة المهنية، الاردن، دار أسامة للنشر والتوزيع.

5- الزعبي و السمعيات، 2019، ادارة العلاقات العامة،عمان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

6- حجاب، وهبي، 1999، المداخل الاساسية للعلاقات العامة- المدخل الاتصالي، مصر، دار الفجر للنشر والتوزيع.

7حافظ، 2009، العلاقات العامة، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع.

8- الدليمي، 2005، العلاقات العامة في التطبيق، عمان، دار الجرير للنشر والتوزيع.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9- الدليمي، 2005، العلاقات العامة والعولمة، عمان، دار جرير للنشر.
10- الدليمي، 2011، المدخل الى العلاقات العامة،عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع.

11- السرحان، و فخرالدين، 2022، مدخل الى العلاقات العامة والاتصال، فلسطين، الشامل للنشر والتوزيع.

12- الشرمان و عبدالسلام، 2001، مبادىء العلاقات العامة، عمان، دار للنشر والتوزيع.

13- الصيرفي، كامل، 2006، مبادىء التنظيم والادارة، عمان، دار المناهج للنشر والتوزيع.

14- عابدود، و ابو سعيد، 2014، ادارة العلاقات العامة وبرامجها،عمان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
15- العلاق، 2010، العلاقات العامة الدولية، عمان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

16- علي، 2021، العلاقات العامة قديما" وحديثا" ومحليا" ودوليا"، القاهرة، الوكالة العربية للعلاقات العامة.

17- عياد، مبادىء العلاقات العامة( تاريخ- مفاهيم- الاسس والعمليات- اخلاقيات الممارسة)، 2020، الاردن، افاق المشرفي

18- المشهدانى، 2016، العلاقات العامة في المؤسسات السياسية، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع.
19- المصري، 2006، العلاقات العامة، الاسكندريه، مؤسسة شباب الجامعة.

20- مصطفى، 2009، العلاقات العامة بين المفهوم النظري والتطبيق عملي، الدار العلمية للنشر والتوزيع.

21- همشري، 2001، الادارة الحديثة للمكتبات ومراكز المعلومات، عمان، مؤسسة الرؤى

**دووەم/ كتێبی ئینگلیزی:**

**1-** - (Hiebert, R., ( 2005), commentary: new technologies, public relations, and democracy, public relations Review, 31.

**2-** Ahart, Norman, (1995), **"Strategic Public Relations"**, first Published Macmillan press LTD.
**3-** Gregorg, (1996), **"Planning and Managing a Public Relations comparing",** Macmillan press, LTD New York.
**4-** Gring James & Hart todd, (1994), **"Public Relations Techniques"**, Harcourt Brace, college publishers.
**5-** Kreitner, Robert. (1989), "**Management"**, New York, Houghton Mifflin Company.
**6-** Wilcox et al., (1986), **"Public Relations Strategies and Tactics"**, New York : Horber & Row, publisher.

**سێیەم/ ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا:**

1- الحاج الفضل الطاهر، دور العلاقات العامة في تحسين صورة السودان لدى العالم الخارجي، بحث مقدم لنيل درجةدكتوراه في علم الاتصال، قسم العلاقات العامة والاعلان، 2014.

**چوارەم/ گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

1- حميدة نبيهة، 2018، الحضور الاجتماعي للعلاقات العامة في الادارة العمومية، الجزائر، مجلة افاق لعلم الاجتماع، جامعة البليدة، عدد15.

2- جاسم الذهبي، 2004، ادارة الازمات، جامعة بغداد، مجلة العلوم الاقتصادية والادارية، كلية الادارة والاقتصاد، المجلد العاشر، العدد 23.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# New Strategies and Approaches for Public Relations in Public Institutions
# Theoretical Research

**Awaz Hassan Ismail**
Department of Media, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Asst. Prof. Dr. Lana Sabir Saeed**
Department of Public Relation, college of humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Asst. Prof. Dr. Azad Ahmad Mahmood**
College of Technology, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

***Keywords:*** *Strategic,* Approaches*, Public relation, public* Institutions

## Abstract

This paper entitled (New Strategies and Approaches for Public Relations in Public Institutions) it is theoretical research discusses the functions and objectives of public relations in public institutions .Thus, the nature of public relations has led to major changes in all international, regional, and local newspapers; This affects the processes of relations in general but reflects on all the environments of human life. So, if the nature and functions of relationships are positive or negative, its influence on changing relations, positively or negatively, and in its introduction to the media, to translate them into reality.
Therefore, the role of public relations at all stages is a sensitive task; all direct and indirect errors affect them; character in the field of public relations; which diagnoses weaknesses and defects and determines treatment tools in a scientific manner; For this purpose, a minute picture of the study of public relations in public institutions through the academic authority.

The aim of this research is to provide strategic knowledge and action on the duties and objectives of public relations in the public sector, alongside knowledge of the

styles and tools followed in communications; Please know the tools used in your contacts.

One of the most important results achieved by the researcher in his research is to strengthen relations between institutions and the public, and also the existence of a strong strategy in public institutions that helps to strengthen the relationship between the institution and the public, and must create new opinions and trends in public institutions through the use of new methods and tools in order to work and achieve the main goals.

The method of research is a theoretical method, so the researcher used this method because it fits with the nature of the subject, and through this method, analyzing the subjects.

## الاستراتيجيات والاتجاهات الجديدة للعلاقات العامة في المؤسسات العامّة

### بحث نظري

**ملخص**

هذه الورقة المعنونة بـ(الاستراتيجيات والاتجاهات الجديدة للعلاقات العامة في المؤسسات العامّة) انه بحث نظري تتناول شؤون العلاقات العامة في المؤسسات العامة حول وظائف وأهداف العلاقات العامة؛ ذلك أنّ طبيعة العلاقات العامة واجهت تغييرات كبيرة في جميع المجالات الدوليّة والإقليميّة والمحلية؛ بشكل أثر على عملية العلاقات بصورة عامّة، مما انعكس على جميع محطات حياة الإنسان؛ لأنّ طبيعة وظائف العلاقات تولّد علاقات إيجابيّة أو سلبيّة، مما مما يترتّب عليها تغيير العلاقات بصورة إيجابيّة أو سلبيّة، وتأتي في مقدمتها الوسائل الإعلاميّة، لتترجم في واقع عملهم.

ومع ذلك، فإن وظائف العلاقات العامّة في جميع المراحل وظيفة حسّاسة؛ ذلك أنّ جميع الخطوات المباشرة وغير المباشرة تؤثّر على وسائلهم؛ ذلك أن تشخيص مواطن الضعف والخلل وتحديد آليات

المعالجة بطرق علميّة تسرّع من خطوات المعالجة والتنمية؛ لذا حاول الباحث بصورة دقيقة من خلال الأطر الأكاديميّة دراسة العلاقات العامة في المؤسسات العامّة.

وإنّ الهدف من هذا البحث، معرفة الاستراتيجيّة والعمل على الواجبات وأهداف العلاقات العامّة في القطاع العام، إلى جانب معرفة الأسلوب والأدوات المتبعة في نشاطات العلاقات العامة؛ فضلاً عن معرفة الوسائل المستعملة في تلك العلاقة.

ومن أهم النتائج التي حققها الباحث في بحثه تقوية العلاقات بين المؤسسات والجمهور, وأيضا وجود استراتيجية قوية في المؤسسات العامة تساعد على تقوية العلاقة بين المؤسسة والجمهور, كما يجب ان خلق اراء وتوجهات جديدة في المؤسسات العامة من خلال أستخدام أساليب وأدوات جديدة من أجل العمل وتحقيق الأهداف الرئيسية.

طريقة البحث هي طريقة نظرية، لذلك استخدم الباحث هذه الطريقة لأنها تتناسب مع طبيعة الموضوع، ومن خلال هذه الطريقة يتم تحليل موضوعاتها.